





# ستایلی تێکەڵاوی ڕۆژهەڵاتی و ڕۆژئاوایی لە ٢٠٠٩

مۆدەکانی جلوبەرگ بە پێی وەرز و کاتەکان دەگۆڕێت و، شێوازێکی دیکەی لە شێوازی پێشووی تۆمار دەکات و شتێکی تازەی بۆ ئامادە دەکرێت.
لە مۆدەی ئەمجارەمان باسی دەستە جلێکی جوان دەکەین، شێوازێکی ڕۆژهەڵاتی لە خۆ دەگرێت، لەگەڵ بوونی ستایلێکی ڕۆژئاوایی لە پۆشینی جلەکەدا، مۆدەی ئەو جلە بۆ کاتەکانی نێوان وەرزی زستان و سەرەتای وەرزی بەهار دەبێت.
وەك لە وێنەکاندا دەبینن، جۆرە تێکەڵکردنێك هەیە لەم دەستە جلە بۆ ئەوەی دوو جۆرە ستایلی جیاواز بەیەکتر ببەسترێت، ئەمەش بەهۆی دانانی چاکێتێکی ڕۆژهەڵاتی لەگەڵ دانانی پانتۆڵی (جینز)ی شێوەی کاوبۆیی ڕۆژئاوا، لەگەڵ دانانی ماکیاژێکی سادە و ناسك تاوەکو لەگەڵ جوانی دەستە جلەکە بگونجێت.



## ئێکسسواری ڕازانەوەی دەست بۆ خانمان

جوانی ئێکسسوار هەر یەکە بە پێ جوانی و ناسکی شێوەی پۆشینی دەگۆڕێت، هەر ئێکسسوارێك ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە جوانکردن و دانانی شێوەیەکی سەرنجڕاکێش بۆ جەستەی خانمان، لێرەدا باس لە ئێکسسوارێکی ناسکی دەست دەکەین، ئەم ئێکسسوارە سەربەخۆ لە دەست دەکرێت، شێوەی نزیکە لە شێوەی بازن.

ئەم ئێکسسوارە زیاتر لە زنجیری دەست ناسراوە و، لە دەست دەخرێت. وەکو ئەو چەند نموونەیەی لەم وێنانەوە دەبینن، شێوەیەکی ناسك بە جەستەی خانمان دەبەخشێت، ئەمەش زیاتر لەگەڵ جلی کراوە دەپۆشرێت وەك : کراس – بۆدی کورت (نیو قۆڵ). ئەم ئێکسسوارە شێوەیەکی ناسکی هەیە لەوەی دەستی خانمان دەڕازێنێتەوە. بۆیە بتوانن سوود لەم جۆرە ئێکسسوارە وەربگرن بۆ ئەوەی دەستەکانتان جوان بێت.



## چوار هەنگاو بۆ جـ

بۆ گشت خانمێك ئەوانەی دەیانەوێت خاوەن بڕۆیەکی جوان و ناسك بن، دەبێ چەندین هەنگاو بگرنە بەر بۆ ئەوەی شێوە و ماکیاژێکی ناسك بە برۆ ببەخشن، لێرەدا چەند هەنگاوێك هەیە خانمان دەتوانن سوودی لێوەربگرن بۆ زیاتر جوانکردنی برۆی چاوەکانیان.

**هەنگاوی یەکەم:**

کاتێك ماکیاژی چاوەکان دەکەیت، سەرەتا قەڵەمی چاو بە ئاراستەیەکی ستوونی بە لێواری هێڵی دەرەوەی لووت بخشێنە، لەو شوێنەی دەبێتە سەرەتای برۆ.

**هەنگاوی دووەم:**

سەرەوەی قەڵەمەکە بجووڵێنە، لەگەڵ گرتنی خوارەوەی قەڵەمەکە، ئەمەش کاتێك







# دیکۆرێکی ناسک لە ڕەنگی پورتەقاڵی

دیکۆری ماڵ بە چەندین ڕێگە و هەنگاو جوانتر دەکرێت و دەکرێ کاری تازەی بۆ ئەنجام بدرێت، بۆ ئەوەی لە جوانترین دیکۆری ماڵ بدرەوشێتەوە، بە شێوەیەك ئەمەش بیرۆکەی خانمان و دیزاینەرانی دیکۆری دەوێ، لێرەدا باسی جۆرە دیکۆرێکتان بۆ دەکەین بیگۆمان شێوە و دیمەنێکی سەرەنجراکێشی هەیە لە ماڵ، لەم دیکۆرە باس لە ڕەنگی پورتەقاڵی بۆ دیکۆری ماڵ دەکەین.

ڕەنگی پورتەقاڵی سەرەڕای ئەوەی ڕەنگێکی بەهێزە و، بە جۆرێك چاوی دەوروبەر ڕادەکێشێت بۆ لایەنەکانی جوانی، لەم وێنانە چەند دیکۆرێکی ئامادەکراو دەبینن لە ڕەنگی پورتەقاڵی نزیك لە ڕەنگی زەرد و شەکەری، دیمەنی ئەو ڕەنگە شایستەی دیکۆرێکی جوانی ماڵ دەبێت. ڕەنگی پورتەقاڵی لە گشت ماڵ بەکاردەهێنرێت، بەڵکو بۆیەی دیوارەکانی ماڵ و کەرەستەکان دەگرێتەوە.

## ـوانکردنی برۆکانت

لەسەر لووتت دەبێت تاوەکو دەگات بە سەرەوەی چاوەکانت.

**هەنگاوی سێیەم:**

دواتر سەری قەڵەمەکە لەلای سەرەوە بخشێنە بەسەر لێواری برۆکانت، تاوەکو دەگەیتە کۆتایی هەردوو لایەنی دەرەوەی چاوەکانت، هەروەها دەبێ لەگەڵ کۆتایی برۆ تەواو بێت و دەستت هەڵگریت، ئەمەش بە ڕەنگێکی کراوەیی نزیك لە ڕەنگی پێست ئەنجام دەدرێن.

**هەنگاوی چوارەم:**

هەندێك تەڵە مووی بچووك لە دەوراوپشتی چاوەکان، یان لەگەڵ برۆ دەردەکەوێت، ئەمەش بە ڕەنگێکی سپی کاڵ ونی بکەو مەهێڵە دەربکەوێت.



## مۆدەیەکی جوانی پشتێن

گشت لایەنەکانی جوانکاری و مۆدە دەبێتە ڕێگەیەك بۆ زیاتر ڕازاندنەوە و جوانکردنی خانمان، بەمەش شێوازێکی ناسك بە گشت بەشەکانی جەستە دەبەخشێت، بۆ ئەوەی بە جوانترین شێواز جوانییەکی گەورە ببەخشێت. یەکێك لەو بەشە سەرەکییانەی لایەنێکی جوانی لە جەستەی خانمان دەدرەوشێنێتەوە، بریتییە لە (پشتێن) !

ئەم مۆدەیە بەهۆی ئەو جوانییەی هەیەتی لەگەڵ گشت جۆرە جلێك دەپۆشرێت، بەتایبەتی کاتێك لەگەڵ: تەنوورە – کاوبۆی – پانتۆل، دەپۆشرێت. جوانی پشتێن لە شێوە گەورەکانییەتی بۆ خانمان، لەگەڵ ئەوەی شێوە بچووکەکانیش جوانی تایبەت دەبەخشن. مۆدەی داهاتوو دەبێتە پشتێنی شێوەی کە پێشەوە بەقەبارەیەکی گەورە لەگەڵ بوونی قایشێکی نەرم و تەنك، ئەمەش دەبێتە مۆدەی ساڵی (٢٠٠٩).




# نمایشێک بۆ کووتانی ڕووخساری مرۆڤ



کاتێک نمایشە سەیرەکان دەکرێنەوە، هەر نمایشێك بەجۆرێك جێگەی سەرسوڕمانی خەڵکە، ئەمەش کاتێك بەهرە سەیرەکانی ئەو مرۆڤانە دەردەکەون لەم نمایشانەدا، لە کاتێکدا لایەنەکانی نمایشە سەیرەکان دەبێتە شوێنی نمایش کردنی کاری بەهرە گرنگ و نمایشە جەستەییەکان.



لە وڵاتی (ئوستراليا) نمایشێکی تایبەت بۆ کووتانی ڕووخساری مرۆڤ بە ئێکسسوار و بزمار کرایەوە.
بە بەشداری نزیکەی (٤٦) کەس، گشت ئەو کەسانە ڕووخساریان کوتابوو یان نەخشێنرابوو لە ئێکسسوار و دەرزی تایبەت بۆ نمایشەکە. لە نمایشەکەدا کەسانێکی زۆر سەردانیان کرد، ئەوەی سەیر بێت ئاستی نمایشەکە بە خراپ دانرا، چونکە بە بیروڕای ئامادەبووان شێواندنی ڕووخساری مرۆڤە نەوەك نمایشی تایبەت بۆ بەهرەکانی مرۆڤ و جوانکاری!





# خانوویەکی جوان

بیرۆکە سەیرەکان لەلایەن هەر کەسێك دەردەکەوێت و گشت تاکێك ئازادە لەوەی شتێکی تازە دابهێنێت، بەتایبەت لە بواری دروست کردنی باڵەخانە و خانووی سەیر، ئەم خانووەی دەیبینن دەبێتە یەکێك لە خانووە سەیرەکان، بە جۆرێك لەسەر زەوی نییە و کەوتۆتە سەر دارێکی بەرز، لە وڵاتی (ماليزيا) بیرۆکەی دروست کردنی خانوو لەسەر دارەکان لە پەرەسەندندایە، نموونەی یەکەمیش ئەو خانوویە لەسەر لقەکانی دارێکی بەرز دانراوە.

# مرۆڤێکی بێدەست خاوەن دوو کۆمپانیایە!



چەندین مرۆڤ هەن بە هۆی هەر ڕووداوێکی سرووشتی یان ڕووداوێك لە دەرەوەی هێزی مرۆڤ تووشی لە دەست دانی ئەندامانی جەستە یان بەشێك لە جەستە! ئەمەش مانای ئەوە نییە ئەو مرۆڤە هیچ کارێکی پێنەکرێت و هێزی لە دەست بدات، بەڵکو لە پاسای سرووشت لە لایەنێکی دیکە بۆی قەرەبوو دەبێتەوە، وەك ئەوەی دەستی نەبێت (نیك نیكۆلاس) ئەم گەنجە چالاکەیە لە وڵاتی ئوستراليا دەژییت و، تەمەنی (٢٤) ساڵە، بە هۆی ڕووداوێك دەستەکانی نەماوە، کەچی خاوەن بیر و مێشکێکی چالاکە لە بواری کارگێری و دارایی، دوای ئەو تەمەنە ئێستا خاوەن دوو کۆمپانیایە و بەخۆی سەرپەرشتی کارەکانی کۆمپانیاکان دەکات. تا ئێستاش داواکاری بۆ هاتووە بۆ ئەوەی سەرپەرشتی کۆمپانیای دیکە بکات یان هاوکاریان بکات لە بواری چاککردنی بەرهەمەکانیان لە بوارە جیاجیاکان.



## لەسەر درەخت!

خانووەکە گشت شـێوازێکی وەك خانووی سەر زەوی لە خۆ گرتووە، وەك ئـەوەی خانووێکی تایبەت بێت و ئـەوەی جێگەی جوانی ئەو خانووەیە، شـەوانە دیمەنێکی جوان و سەیر دەردەخات بەهۆی ئەو ڕازاندنەوەی بۆی ئەنجامـدراوە. ڕەنگە لە داهاتـوو ئەمجۆرە شـێوازە ببێتە هەنگاوێکی جیهانـی بۆ دروسـتکردنی خانوو بە تایبەت لەم وڵاتانەی دارسـتان و درەختیان زۆرە!

## منداڵێک بە پەنجەی زیادەوە لە دایک بوو



ئاژانسـی هەواڵی (سـی ئین ئیـن)ی ئەمەریکی لە هەواڵێکی سەیر و بە پەلە، هەواڵی ئـەو منداڵەی تازە لە دایك بـوو ڕاگەیاند، بە شێوەیەك تا ئێستا لە وڵاتە منداڵـی لەم جـۆرە نەبووە و بەڵکـو چەندین سـاڵە حاڵەتـی لەم جـۆرە ڕووی نـەداوە. منداڵەش وەك هەر منداڵێکـی ئاسـایی وایە تەنیا ژمارەی پەنجەکانی لە منداڵی ئاسایی زیاترە.
ماوەیەك بەر لە ئێستا باسی ئەو کوڕەمـان کرد ژمارەی پەنجەکانی دەگەیشتە (٢٦) پەنجە، بەڵام ئەمجارەیان ژمارەی پەنجەکانی ئەو منداڵە خۆی لە (٢٤) پەنجە دەدات، واتە (٢) پەنجەی زیاد لە هەر دەست و قاچێك هەیە. ئەو منداڵە ناوی (کامانـی هبارد)ە و تەمەنی (٣) هەفتە دەبێـت و خاوەن (٢٤) پەنجەیە لە دەست و قاچ. ئەوەی سەیر بێت هیچ کام لە دایك و باوکی ئەو منداڵە حاڵەتی زیاد بوونی پەنجەیان پێوە دەرنەکەتووە.



## لاسایی ئەو خانمە مەکەن!

هێـز و توانای جەسـتە لە مرۆڤێك بۆ کەسـێکی دیکە دەگۆڕێت، ئەمـەش بە پێی دروسـت بوون، یان کاری وەرزش کردن لە گشـت بوارەکانی وەك : جمناسـتیك – لەشـجوانی – زۆرانبازی، چونکە گشت لەم وەرزشانە کار دەکاتە لەسەر بەهێزکردن و دانانی شێوەیەکی جوان بە جەستەی مرۆڤ، ئەوەی سەیر بێت ئەم خانمە بەبێ ئەوەی کاری وەرزشێکی کردبێت، کەچی خاوەن جەستەیەکی نەرم و لاستیکە، بەم هۆیە دەتوانێت چەندین جووڵەی سەیر بکات.
ئەو کچە ناوی (ئەنابیل)ە و خەڵکی وڵاتی فنلەندایە، تەمەنی (٢٢) ساڵە توانایەکی گەورەی هەیە لە جووڵە کردنی جەستەی، بە شێوەیەك دەتوانێت قاچەکانی بهێنێتە ژێر سـەری لە ڕێگەی سـووڕانەوەی بەسـەر پشتی، وەك لە وێنەکەدا دەبینن چ جۆرە جووڵەیەکی سەیری ئەنجام داوە و بەبێ ئەوەی شتێکی بەسەر بێت.

# ئوتۆمبێلێک لە دار دروست دەکرێت!

جیهانی تەکنۆلۆژیای دروست کردنی ئوتۆمبێل، بەردەوام لە پێشکەوتنێکی گەورەدایە و ڕۆژانە داهێنانی نوێ دەخەنە بەر چاو و دەستی خەڵك بۆ ئەوەی سوودی لێوە وەربگرن، بەڵام دەبێ بزانین ئەو ئوتۆمبێلانە لە چ ماددەیەك دروست دەکرێن! بۆیە باس لە ماددەیەك دەکەین لە دروستکردنی ئوتۆمبێل بەکاریان هێناوە هەرگیز کەس بیرۆکەی بۆ ئەو لایەنە ناچێت.

ئەم ئوتۆمبێلەی دەیبینن لە دار دروست کراوە، ئەوەی بزانێت بێگومان سەرسام دەبێت لەوەی چۆن دار دەتوانێت بەرگەی ئوتۆمبێلێك بگرێت، بۆیە ئەوانیش جۆرە ماددەیەکی توند کردنی داریان بەکارهێناوە تاوەکو دارەکە هێزی ئاسنی هەبێت، وەك چۆن لە وێنەکان بە ئاسانی دەردەکەون!



## سیسەمێک
# لە شێوەی هێلکە



کەرەستەکانی ماڵ دەبێت لە نزیکەوە جوانییەکی گەورە و ناسکی هەبێت، لەگەڵ ئەوەشدا بیرۆکەی سەیر دەرکەوتووە لەوەی کەرەستەی شێوەی سەیرەکان لە ماڵ دابنرێت وەك لایەنێك بۆ سەرەنجراکێشان و جوانی، نموونەیەك بۆ ئەو کەرەستانە ئەم سیسەمەیە لە شێوەیەکی سەیر دروست کراوە، ئەوەی لە دوورەوە سەیری بکات بە خواردنی تێدەگات.

لە وڵاتی بەریتانیا لەلایەن کۆمپانیاییەکی دروست کردنی کەرەستەکانی ماڵ، سیسەمێکیان دروست کرد لە شێوەی ناوەوەی هێلکە، واتە زەردێنەی هێلکەیە ! وەك لە وێنەکەدا دەبینن زەردێنەکە دەبێتە سەرین، ئەوەی دیکەش شوێنی پاڵکەوتنە. بۆیە دەبێتە یەکەم سیسەم لە شێوەی ناوەوەی هێلکە! ڕەنگە کاتێکیش بخەوی خەون بە هێلکەوە ببینی !

# قۆپیەکردن بەکۆمەڵ



سەیرترین وێنە وەرگیراوە لە یەکێك لە زانکۆکانی ئەمریکا لە ویلایەتی میسۆشتیوتش، وێنەکە بریتییە لە چەند قوتابییەك لە کاتی وەڵام دانەوەی تاقیکردنەوەن، وێنەکە گیراوە لە ڕێگەی کامێراییەکی شاراوە، لە هەمان کاتدا قوتابییەکان بەم کامیرایە نازانن، بۆیە هەر یەکە بە چەندین ریگە کاری وەرگرتنی زانیاری (قۆپییە) دەکەن.

وەك لە وێنەکەدا دەبینن (٦) لەم کەسانە خەریکی قۆپییە کردنن! ژمارەی گشتییان بریتییە لە (٨) کەس، تەنیا دووانیان نەبێت خەریکی ئەم کارە نین. یەکێکیان سەیری ژێرەوە دەکات، ئەوەی دووەم سەیری هاوڕێکەی دەکات، دوو کچەکەی ناوەڕاست سەیری ژێرەوە دەکەن، کچێکی دیکە زانیاری لەسەر رانی خۆی نووسیوە، ئەوەی خوارەوەش خەریکی کردنەوەی کتێبە!

## ئاگادار بە.. خانووەکەت ڕا نەکات



کارە سەیرەکان ڕۆژانە لە بەرهەمی تازە ڕێگە دەگرێت، بە جۆرێك ئەو بەرهەمانە دەکەوێتە بەرچاوی گشت خەڵکی جیهان، دواتریش هۆکارێکی سەرسامی دروست دەکات لەوەی چۆن ئەو بیرۆکانە دەردەخەن، یەکێك لەو کارە سەیرانە بریتییە لە دروست کردنی خانووێك بە جۆرێك ئەو خانووە توانای جووڵانەوە یان جێگەگۆڕکردنی هەیە، بۆ ئەوە لە شوێنێك بچێتە شوێنێکی دیکە بەبێ دەستکاری مرۆڤ.

لە وڵاتی دانیمارك، تیمێك هەڵدەستن بە دروست کردنی ئەو کارە تەکنۆلۆژیایە، بەهۆی کۆمپیوتەرێك کارەکان رادەپەڕێنێت، خێرایی دەگاتە خێرایی ڕۆیشتنی مرۆڤێکی ئاسایی، تەنیا جیاوازی لە ژمارەی قاچەکانییەتی ئەوانیش بریتیین لە (٦) قاچ بۆ ئەو خانووە!

# ڕووداوە سەیرەکان






ڕووداوە سەیرەکان لە نێوان چەند چرکەیەکی خێرا ڕوودەدەن، بە جۆرێك چاوی مرۆڤ ناتوانێت وەریانبگرێت یان بە جوانی دەرناکەوێت لەوەی شێوازی ڕووداوە چۆنە. بۆیە زوومی کامێراکان دەتوانن ئەم لایەنە بگرنە ئەستۆ بۆ ئەوەی ڕووداوەکە بە جوانی و دروستی وەربگرن، بۆیە دوای گرتنی وێنەی ڕووداوەکان بە کامێرا، دەتوانین وێنەیەکی سەیر و سەرەنجراکێش لە وێنەی گیراوی ڕووداوەکان وەربگرین.

ئەم چەند وێنەیە بریتییە لە وێنەی وەرگیراو لە کاتی ڕووداوەکان، وەك لە وێنەکاندا دەبینن بریتییە لە: کەوتنی سەری مرۆڤێك ڕاستەوخۆ بە زەوی – شکاندنی کرپووچ لە یارییە وەرزی و کاراتێ کەوتنی کەسێك لەسەر پشتی ئەسپ– ملشکانی یاریزانێکی مۆتۆرسکێل!

## کەلووەکان




### کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

ماوەیەکە بەرەو چەند هەنگاوێکی تازە ڕێگەت گرتووە، ئەنجامەکان لە بەرژەوەندی تۆ دەبێت و بە جۆرێك کاریگەری ئەو کەسە لەسەرت کەم بکەرەوە، ڕێگەیەکی تازەت لە بەردەمە بۆ ئەوەی لە ناخی ئەو کەسە بگەیت و لە مەبەستی بڕوانە کە داهاتووی چی دەبێت.



### گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

هەستی خۆت بەو کەسە بڵێ کە دڵی داگیرکردووی ئەمە زیاتر لەبەرژەوەندی تۆ دایە، ئەم هەفتەیە دەرگای بەختت بە ڕوودا دەکرێتەوە لەبواری سۆزداریدا، لەهەندێ لایەنی ژیانت دا بەئاسانی سەرکەوتن بەدەست دێنی کە خۆت چاوەڕوانت نەدەکرد.




### دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠

هەموو کات چاوەڕوانی یارمەتی کەسانی دیکە مەبە، پشت بە توانای خۆت ببەستە بۆ کۆتایی هێنان بەوە کێشەیەی کەئێستا تووشت بووە. ئەگەر خۆشەویستت هەیە کێشەیەکی بچووك لەنێوانتان سەر هەڵدەدات هەوڵ بدەن چارەسەری بکەن بۆ ئەوەی گەورەتر نەبێت.




### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

تۆ کەسێکی سەرنجراکێشی لای دەوروبەرت، هاورێکانت متمانەت پێ دەکەن بۆیە نهێنییەکانیان لای تۆ باس دەکەن تۆش لای کەس ئەو نهێنیانە مەدرکێنە. لەلایەنی خۆشەویستی پێویستیت بەبریاردانی خێرا هەیە و ئەم ماوەیە گۆرانکارییەکی گەورە لە ژیانت روو دەدات.



### شێر ٣/٢٣ - ٨/٢٢

بیر لە دانانی بەرنامەیەکی نوێ دەکەیەوە بۆ دووبارە ڕێکخستنەوەی ژیانت، بەڵام ئەمە پێویستی بە بیرکردنەوەیەکی قووڵ هەیە، لەهەندێ رەفتاری رابردووت پەشیمانی تۆ هیچ خەم مەخۆ، چونکە هیچ تاوانی تۆی تێدا نەبووە لەجیاتی ئەوە بیر لەداهاتوو بکەوە.



### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

زۆربەی کاتەکان لەپەیوەندی سۆزداری دوودڵی، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بەتەواوی لەنیازی رەگەزی بەرامبەرت دڵنیا نیت، کاتێکی خۆش لەگەڵ ئەندامانی خێزانەکەت بەسەر دەبەی، ئەگەر بەدوای کار دا دەگەڕێی ئەم هەفتەیە بۆ دۆزینەوەی کار زۆر گونجاوە.

**ئیوان گەردی**





## ماسییەک.. تاخمی ددانی هەیە

ماوەیەك بەر لە ئێستا هەواڵی ئەو ماسییەمان بلاوکردەوە، شێوەیەکی سەیری لە خۆوە دەگرێت و لەگەڵ ئەوەی وەك هەر ماسییەکی سادەیە، کەچی دەمی پڕە لە کۆمەڵە ددانێك، ئەوەی سەیر بێت شێوەی ددانەکانی لە شێوەی ددانەکانی مرۆڤ دەچێت. بەمەش دەبێتە یەکەم ماسی لەم جۆرە بدۆزرێتەوە.

لە وڵاتی نەمسا ئەو ماسییە دۆزراوەتەوە و شێوەی دەمی لە دەمی مرۆڤ دەچێت، لەگەڵ بوونی تاخمە ددانێکی جوان لەناو دەمی ئەو ماسییە. وەکو لە وێنەکاندا دەبینین دوو ددانی گەورەی لە پێشەوەی دەمی ئەو ماسییە دەردەکەوێت.

## بۆ ئاسوودەیت

☺ - جارێکیان ئوتۆمبێلەکانی بارهەڵگری زبڵ، لە کولانان دەبن بۆ ئەوەی زبڵ هەڵبگرنەوە، دەگەنە بەردەم ماڵێك و منداڵێك لەوێ دەبێت، کرێکارەکەی لەسەر ئوتۆمبێلەکە دەبێت بە منداڵەکە دەڵێ : برۆ بە دایکت بڵێ زبڵتان هەیە؟

ئەویش دەچێت و بە دایکی دەڵێت، دایکی دەڵێ : بەڵێ کورم هەمانە ...

منداڵەکەش دێتەوە بە کرێکارەکە دەڵێت : دایکم دەڵێ زبڵمان هەیە، نامانەوێت!

☺- منداڵێك پیتی (ع) و (ح) لێك ناکاتەوە، دوای ماوەیەك هەر وەك خۆی دەبێت، باوکی پێیدەڵێت: کورم ئەو وشانە زۆر بەکارمەهێنە ئەوانەی ئەو دوو پیتەی تێدایە..

منداڵەکەش دەڵێ : باشە باوکە (مەعاوەلەکی) دەکەم ..


## هاورێی (٥) هەزار دووپشک!

ئەوانەی خاوەن بەهرەی سەیر و سەرەنجراکێشن، دەتوانن بە چەندین ڕێگە کارێکی وا بکەن ببێتە ڕێگەیەك بۆ بلاوکردنەوەی لایەنێکی سەرەنجراکێش. گشت لە ئێمە لە دووپشك دەترسین و تا بمانەوێت لێوەی دووردەکەوین، کەچی ئەو خانمە پێچەوانەی گشت مرۆڤێکە، بەڵکو خۆی بە شای دووپشك دەناسێنێت.

ئەم خانمە ناوی (کانجانکد کیۆ)یە لە وڵاتی تایلاند، ڕۆژانە کاتەکانی لەگەڵ هەزارەها دووپشك بەسەر دەبات و بەبێ ئەوەی یەکێکیان پێوەی بدەن. ماوەیەك بەر لە ئێستا نزیکەی (٣٣) ڕۆژ لەناو شووشەیەکی گەورە لەگەڵ (٥) هەزار دووپشك ماوە.




## کەلـــوەکـــان




**تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢**

ئەوەنــدە بیــر لەرابــردوو مەکەوە لەجیاتی ئــەوە ڕێــگا چارەیەك بــدۆزەوە تا دووبارە خەندە بگەڕێتەوە ســەر لێوەکانت، ئەم هەفتەیــە لەڕووی داراییەوە لەهەفتەکانی پێشتر باشتر دەبێت، گەشبینی باشترین ڕێگایە بۆ نەهێشتنی خەمەکانت .



**دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١**

هەواڵێکی خۆشــت پێ دەگات، زۆربەی کاتەکان بەتەنیای ئەمەش بۆ قۆناغی ئێســتای ژیانت زۆر باش نییە بۆیە وا باشترە تێکەڵی دەوروبــەرت بیت و ســەردانی هاوڕێکانت بکەیــت. پەیوەندییەکــی تەلەفۆنی زۆر نهێنیت بۆ ئاشکرا دەکات کە لەبەرژەوەندی تۆ دایە.




**کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١**

هەســت بــە دڵتەنگــی دەکەی بەهــۆی بــێ وەفایــی یەکێك لەهاوڕێکانت، بــەڵام دواتر بۆت ڕوون دەبێتــەوە کە هاوڕێکەت بەقۆناغێکی ســەخت دا تێدەپەڕێت و داوای لێ بوردنت لێ دەکات تۆش لێی ببورە لەبەرئەوەی ئەو کەسە لەداهاتوودا بەهاناتەوە دێت.



**گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩**

هەمیشــە دەم بەخەنــدە دیاری و بە قســەکانت دڵــی دەوروبەرت خۆش دەکەی، ئەمــەش یەکێکە لەتایبەتمەندییەکانــی خــۆت و هەوڵ بدە بەو شێوەیە بەردەوام بیت، لەگەڵ نزیکترین کەسی ژیانت خۆشترین کات بەسەردەبەی.



**گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨**


پەیوەندیت لەگەڵ خۆشەویستەکەت جۆرە ســاردبوونەوەیەك بەخۆیەوە دەبینێــت، پێویســتیت بــە هێمنــی زیاترە بۆ گفتوگۆکــردن لەگەڵ خۆشەویســتەکەت، ئەگەر کەسێك داوای یارمەتــی لێ کردیت بەپێی توانا یارمەتی بدە و دڵی کەس لەخۆت مەڕەنجێنە.



**نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠**

بەهۆی جوانی و سەرنجراکێشیتەوە زۆر کــەس بــە نهێنــی تۆیان خۆشــدەوێت بەڵام پێت ناڵێن بۆیە واهەســت نەکەی کەس تۆی لەدڵ دانییە، هەندێ جار ڕووت خۆشە و هەندێ جاریش خەمناك دیــاری ئەمەش وای کردووە کەم کەس لێت تێ بگات.

iwan_gardi@hotmail.com



ئامادەکردنی: هێمن نەبی

**ئاسۆیی:**

١- یانەیەکی تۆپی پێی ئیسپانیە.
٢- کچە گۆرانیبێژێکی لوبنانیە(پ)- کچە گۆرانیبێژێکی لوبنانیە
٣- گیاندارێکی فێڵبازو(پ)- پێچەوانەی درێژ
٤- وەزارەتێکی حکومەتی کوردستانە- برا(ت).
٥-...............
٦- ڕەنگێکە(پ)- وردوخاش بوو.
٧- لەناو ئاودا نەبێت ناژیت- دارێکە.
٨- پیتێکە+چاو- ریال(ت).
٩- شەڕێکە لە مێژووی رووی داوە.

**ستوونی:**

١- هونەرمەندێکی ناودارە خاوەنی وێنەکەیە(پ)
٢- ڕەوا(ت)- بەڵێن
٣- پێچەوانەی بزر(پ)- میسی(ت)
٤- ماستی لێ دروست دەکرێت- دراوی ژاپۆن
٥-................
٦- سێ پیت لە (کامیل)- بۆ روناککردنەوە بەکاردێت.
٧- وشەیەکە دەشتێ زۆر بەکاری دێنێت+پیتێك.
٨- پیتێك+ درێژترین روباری جیهانە.
٩- زام(پ)- یاریزانێکی چێلسیە.

## گوێدرێژەکانیش لە ترافیک لایت دەوەستن

ســەیرترین دیمەن تا ئێســتا وەرگیرابێت لە ڕێگای زوومی کامێراکان، ئەم وێنە ســەیر و جوانەیە ! ئەو وێنە ســەیرە بریتییە لە وەســتانی دوو گوێدرێژ لە بــەردەم لایتەکانی ترافیك لایت. وێنەکە لە ســەرەوە گیراوە لەلایەن کوڕە گەنجێك لە وڵاتی دانیمارك.

هەر وەکو (ئەلێکس) دەڵێــت : کاتێك بینیم ئەو دوو گوێدرێژە لەبەردەم ترافیــك لایت بینیی، کامیراکەم هێنــا و، وێنەیانم گــرت. ئەوەی ســەیر بێت دوو گوێدرێژەکە بە درێژایی ترافیکی ســوور وەستابوون تــا ئەوکاتەی هێمای ســەوز بۆ ڕۆیشــتن دەبێت، ئینجا گوێدرێژەکانیش جووڵە دەکەن، وەك ئەوەی دوو ئۆتۆمبێل بن!



## بۆ زاخـــاوی مێشک

بۆ زانینی ئاستی زیرەکیت، هەوڵبدە ئەنجامی ئەم شێوە شیکارە بدۆزیتەوە..

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | |

ئەم چوارگۆشانە بە پیت پڕ بکەرەوە کە لە کۆتایی ناوێکت بۆ دەردەچێت بتوانە لە ماوەی (٥) خولەکدا ناوەکە بدۆزیتەوە، ئەمەش وەك سوود وەرگرتن لەم ئاسانکاریانەی خوارەوە :

**ئاسانکاری**

- پیتی خانەکانی (١+٢) کۆ بکەیتەوە بە مانای هەوا(ناوێکی تری هەیە)
- پیتی خانەکانی (١+٦) کۆ بکەیتەوە بە مانای (پێچەوانەی سەر دێت)
- پیتی خانەکانی (١+٢+٣) کۆبکەیتەوە بە مانای (شتێکە لۆری هەڵدەگرێ)
- پیتی خانەکانی (١+٢+٤) کۆ بکەیتەوە بە مانای (تەیرێکە کە پاشای ئاسمانە)

* وەڵامی ژمارەی پێشوو وشەی (سلێمانی) بوو

ئا/ ڕێدار جەعفەر ڕەسول